www.kurdistannet.org
26-3-2002 22:52

# پاکانه کردن بۆ کۆنەپەرستی، یان بەرگری لە مافی ژنان!


## هەڵاڵە رافع

halalarafi@hotmail.com


ڕووناك فەرەج وەك یەكێك لە هەلسوراوانی بزووتنەوەی ژنان لەكوردستان، بەشداری كرد لە كونفرانسی شەبەكەی ژنانی كورد لە فەرەنسا. سەبارەت بە كوشتنی ژنان بە تۆمەتی نامووسی بابەتیكی هەبوو. لە بەردەوامی گەشتەكەیدا سەردانی سویدی كردو لێرە چەند چالاكیەكی نواند. ئەوەی كە رووناك فەرەج لەم چالاكیانەدا لەسەری دواوە وە ئاماژەی پێ كردوە، بەتایبەت لە گۆڤاری سویدی "داگینس نیهیتر" وە رادیۆ "زریبار" لەشاری ستۆكهولم، نوینەرایەتی سیاسی لە بۆچونیك كردوە، كە لە میژە ناسراوە وە مۆری نەزۆكی خۆی لە میژووی رەوەندی یەكسانی خوازی ژنان داوە. ئەم بیرۆكەیە ئەگەر بە ڕووكەشیش رادیكالیزمێكی پێوە بێ، بەلام لە ئەنجامگیریدا پاكانە كردنە بۆ داپۆشینی هۆكارە سیاسیەكانی بێ مافی ژنان. دووپاتكردنەوەی ئەمانە لەلایەن رووناك فەرەجەوە جیگای داخە.

لە چەند شوێن ڕووناك فەرەج بانگەوازی دیالۆگو لێك گەیشتنی كردووە. من هەر بۆ ئەم مەبەستە لەم نووسینەدا باری سەرنجی خۆم سەبارەت بە هەندێك لە تێڕوانینەكانی ئەو دەخەمە ڕوو، بەو ئومێدەی لە ڕێگای ڕۆشن بوونەوەی جیاوازیەكانمان‌و دوور خستنەوەی شتە نامۆكان بە جووڵانەوەكەمان كارێكم كردبێ. ئاشكرایە كە نووسینێكی وا ناتوانێ تەواوی ڕووبەری ئەو جیاوازیانە داپۆشێ و زۆرتر ئاماژەیەكی خێرا دەبێ بە هەندێ لایەنیان.

***<u>"بەدرێژای میژوو كورد ناسنامەو خاكی داگیركراوبووە"</u>***

***رووناك فەرەج لە وەلامی ئەوەدا كە بوچی كوشتن بە تۆمەتی شەرەف هەیە دەلیت:***

***"بەدریژای میژوو، كورد ناسنامەو خاكی داگیركراووبوە. لە بەدیلی ناسنامەو خاكەكەیدا دەستی گرتوە بە نەریتەكەیەوە، ئەو نەریتەی كە لەسەر خاكەكە دەستی كەوتوە، بنەمای ئەو نەریتەش بەستنەوەی شەرەفە بە جەستەی ژنەوە. وە هەمیشە لەهەولی ئەودا بووە كە لەكاتیكدا خاك و ناسنامەی زەوتكراوە شەرەفی دوەمی زەوت نەكرێ كە ئافرەتانن".***

ئەمە قسەی دلی زۆریك لەوانەیە كە دەیانەوی پاساوو بۆ كوشتن بە تۆمەتی شەرەف بهیننەوە. بەلام ئەگەر كەمیك لەم بۆچونە وورد ببینەوە دەبینین بیرۆكەیەكی ناسیونالیستی دژی ژن لە پشتیەوە وەستاوە. كە دووبارە دابەش كردنی رەگەزی نیروو مێ بەرهەم دەهینیتەوە. كەلەویدا نیشتیمان وە نەتەوە رەگەزیكی مییان هەیە وە بە ژن پیناسە دەكریت. هەر بۆیە كاتیك لە شەردا سەربازان تەعەدا لە ژنانی نەتەوەی دوژمن دەكەن، لەبەر حەزە سیكسیەكانیان نیە، بەلكوو دەیانەوێ تەعەدا لە نیشتیمانی دوژمن بكەن. ئەمەش بەو مانایەیە كە بەهای سیكسوالیتیتی ژن لە نیشتیمان وە نەتەوەدایە. وە پیاوانی نیشتیمان پەروەر دەبیت پاسەوانی ئەو مولكە بن، كە ژنان خۆیان ناتوانن هیچ بریاریك لەسەر جەستەی خۆیان بدەن. هەر بۆیە لە دوای سەركەوتنی هەموو جولانەوە ناسیونالیستیەكان لە دنیادا ئەو ژنانە لەناووبراوون كە"داوین پیس" بوون.

خولانەوە لەدەوری ئەم دەلیلەدا بەمانای قبولّ كردنی ئەم پیناسەیە. ئەمەش هەولیكە بۆ دووبارە بەرهەمهینانەوەی چەمكی شەرەف نەك بنەبركردنی.

**هیچ نەتەوەیەك لەسەر خاكیكی دیاری كراوو نەهاتوەتە دنیاوە بۆئەوەی هەتاهەتایە كولتورەكەی وەك خۆی بمینیتەوە. پاریزگاری لە كولتوری رەسەن مانای ئەوەیە كە نابیٰ هیچ گۆرانكاریەك لە كولتورەكاندا روو‌بدات وە دەبیت پیش هەزارسال چۆن هاتوە هەروابمینیتەوە. ئەمەش لەگەل پیداویستی وە حەزوو ئارەزووی نەوە وە كۆمەلگای تازەدا نایەتەوە. بەدریژای میژوو كۆمەلگای ئینسانی هەموو دیاردە كۆمەلایەتی و سیاسیەكانی لەنیوان سنورە درووستكراوەكاندا گواستوەتەوە وە گۆرانی بەسەردا هیناوە. وە هەلبژاردن لەدەستی خودی مرۆڤ، كۆروكۆمەل، بزووتنەوەكاندایە، كە دەیانەوی دەست بە چ لایەنیكی ئەو دیاردانەوە بگرن وە كاری پیٰ بكەن. وەهیچ كولتوریك موقەدەس نیە كە نەتوانریت دەسكاری بكریت.**

**<u>"گەرانەوە بۆ كوردستان، یان ملدان بە نۆرمی ئەوروپی"؟</u>**

***"ئەوانەی كۆچ دەكەن بۆ ئەوروپا دەبی قبولی بكەن كە لیرە بژین. ئەمەش بەو مانایەیە كەمندالەكانیان لە كەشو هەوایەكدا گەورە دەبن كە جیاوازە لەكوردستان".***

**ئەگەر لیرەدا تەنها سەیری ئەم كۆپلەیە بكەین، ئەوەی كە تیایدا حەشاردراوە ئەوەیە كە – لە كوردستاندا دەكریٰ منالان مافیان لیٰ زەوت بكریٰ، ژنان بیٰدەسەلات بن، ئازادیەكانیان لیٰ زەوتبكریٰ، سوكایەتیان پیٰبكریٰ..... بكوژرین، بەلام لە ئەوروپا نابیت.**

**هەلویستو وەستانەوە بەرامبەر دیاردەی كوشتنی ژنانو كچان لە ئەوروپا، لە جیگای وەستانەوە بەرامبەر بە خودی فەرهەنگو دابو نەریتی دژە ژنی تارادەی كوشتن لە كوردستان، ڕووناك دەكاتەوە بە گژی دیاردەی كۆچو بە باوكان دەلیٰ ئەگەر بە تەنگ "نامووسی خۆتانەوەن" مەیەنە ئەوروپا.**

**ئەم هەلویستە لەلایەكی ترەوە بەومانایەیە ئەو مافانەی كە مرۆڤایەتی و بزووتنەوەی یەكسانیخواز بەدەستی هیناوە بۆ تاكەكانی كۆمەلگا، "مافی ئەوروپین". ئەو مافە ئەوروپیانەش لە ئیستادا ناكریٰ لەكوردستاندا داوابكرین. لەكاتیكدا لیرەدا لەبیركراوە كە بزووتنەوەیەك لە كوردستاندا هەیە كە خوازیاری ماكسیمال رادیكالیزمە، وە خوازیاری ئازادیو مافەكانی ژنانو یەكسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاوە. خواستەكانی ئەم بزووتنەوەیە قسەی دلی گەنجان وە ئەو ئینسانانەن كە دلیان بۆ خۆشی و سەرفرازی و ئازادی لیدەدات، وە دەكریٰ پیادەبكرین.**

**بەجیگای ئەوەی قسەلەسەر ئەوە بكریٰ كە منالان، كچان وە ژنان نابیت هیچ بریاریكی زۆرەملیان بەسەردا داسەپینریت، چ لیرە چ لەكوردستان، وە ژنان دەبیت ئازاد بن لەهەلبژاردنی ژیانی خۆیان. قسە لەسەر ئەوە دەكریٰ كەئەگەر ئەم ئازادیەی ئیرە قبول ناكەن با نەیەن بۆ دەرەوەی وولات. ئەمە لەكاتیكدا كە مافە سەرەتاییەكانی مرۆڤ هیچ سنوریك، رەگەزیك، نەتەوەیەك وە ئاینیك نانسن. مافی رەوای هەر مرۆڤیكن لە هەر سوچیكی ئەم دنیایەدا ژیان دەكات.**

**<u>ئازادی بەشەرتی چەقۆ!</u>**

**پرسیاری گویگریكی ڕادیۆ:** ***" باشە بۆچی باسی ئەوە ناكەن كەلەسەر چی كەژال خدر لوتیان بریوە؟ بۆچی فادیمە بەدەستی باوكی كوژرا؟ من تایەفەی كەژال خدر دەناسم چۆنن. فادیمە لە دیسكۆ سەمای كردوە وە زنجیری پانتۆلەكەی بۆكوران كردوەتەوە".***

**گەندەلی ئەم بیرە دواكەوتوە دەمیكە ناسراوە وە یەكەم جارنیە كە بە"شانازیەوە" دیفاع لە كوشتاری ژنان دەكات. بەلام ئەوە جیگەی سەرسورمانە كە ڕووناك فەرەج بەناراستەوخۆ لایەنگری لەو پەیامە دەكات، سەرنجی ئەم وەلامەی ڕووناك بدەن:**

***" بەلێ دەبیت لە هۆکارەکانی بکۆلریتەوە. بەلام باوەرتان هەبێ زۆرینەی شتەکان هەموو گومانەو پروپاگاندەیە. پیشم وانیە یەکجار ئەو کچە بەو شیوەیە بوبیت"***

ئەوە باشە وە ئەبێ لە هۆکاری کوشتنی ژنان بکۆلریتەوە، وەك ئەوەی کە کولتوری پیاوسالاری و ئایین وە یاساکان کە بەپیی ئەو دوو چەمکە داریژراون، وە هەق دەدەن بە کوشتنی ژنان، ئەمانە لەناوببرین. وەلەماوەی دەسالی رابووردوودا بزووتنەوەی یەکسانی خواز لە کوردستاندا ئالاهەلگری ئەم داخوازیانە بووە.

نەك ئەو هۆکارەی کە ئەو گویگرە مەبەستیەتی، وە رووناك فەرەجیش دەلیت باوەرناکەم وابێ. واتا ئەگەر وابێ، کەژال خدر پەیوەندی لەگەل کەسیکدا هەبوبیت، وەیان ئەگەر فادیمە سەمای کردبیت ئەوا ئەمە تاوانەو بکوژان‌و لووتبڕان هیچ نەبێ سووکە هەقێکیان هەیە.

لە ئەمرۆدا بەهۆی فشاری کۆمەلگا وە بزووتنەوە یەکسانی خوازەکانەوە، زۆر کەس دەم لە ئازادی دەکوتیت و مامەلەی پیوە دەکات. بەلام کام ئازادی! ئەو ئازادیەی کە " نابێ بەتەنیا بگەرییت، ئیوارە درەنگ نەیەیتەوە، بەتەنیا نەچی بۆ ئاهەنگ، سەمانەکەیت، خۆشەویستی نەکەیت، ئابرومان نەبەیت، پەردەی کچینی لەدەست نەدەیت.....هتد"، ئەگەر وابکەیت ئەوا ئەو ئازادیەی کە نەمداویتەتێ لیت وەردەگرمەوە. بەلام ئەمجارەیان هەتاهەتایە واتە ئازادی ژیانت لێزەوت دەکەم.

رووناك فەرەج کە بانگەشە بۆ ئازادی دەکات، چاك نەبوو ڕیزی ئەوانەوە ئازادی‌یان قبووڵە بەلاّم بەشەرتی چەقۆ. ئازادی ئازادیە وە پیناسەی تری بۆ نادۆزریتەوە تا لە قالب بدریت، وە"*باوەرناکەم وابیێ*" تیا نیە. مافی یەکسان بێ قەیدوو شەرتە یان هەیە یان نیە.

**<u>بەراوورد کردن لەگەل فاشیزمی بەعسدا!</u>**

رووناك فەرەج دەلیت: " ***کوشتنی ژنان لە دوای 91 لەکوردستان کەم بوەتەوە، لەکاتیکدا لە سالە جیاوازەکانی سەردەمی عبدالکریم قاسم و حیزبی بەعسدا 3907 ژن کوژراوە"***.

***" دەسەلاتی سیاسی ئیستا لە کوردستاندا دەوری هەیە کە عەقلیەتەکە تارادەیەك وەك خۆی بمینیتەوە، بەلام باشترە تا زەمانی بەعس"***.

من لیرەدا ئەوە دەپرسم، ئایا ئیمە دەبیت پیوانەکانمان رژیمی بەعس بیت. یان پیوانە ئینسانیەکان بێ بۆ ماف و ئازادی؟! لەکاتیکدا فاشیزمی رژیمی بەعس بۆ هیچ کەس شاراوە نیە. دەکرێ لەکوردستانیش بژین، بەلام ئاستی چاوەروانیەکان لە دەسکەوتەکانی وولاتانی ئەورووپاش زیاتر بیت، وە هەولی بۆ بدەرێ. خەلك لەکوردستان رژیمی بەعسیان بۆیە وەدەرنا تا دووبارە بارووذۆخیك نەیەتە پیشەوە کە بەراورد بکریت لەگەل بەعسدا.

کوشتنی ژنان لەدوای 1991 لەکوردستاندا بۆ جهان ئاشکرایە وە شاهیدی ناویت. لە راپۆرتەکانی مافی مرۆڤ، ئەمنستیەوە بگرە تا راپۆرتەکانی ریکخراوەکانی ژنان. بەپیی ئاماریك کە خودی ریکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا لە سالی 1998 بلاوی کردەوە، تەنها لەنیوان سالی 96 بۆ ناوەراستی 98 نزیکەی 450 ژن کوژراون. ئەمە تەنها ئەو کوشتنانە دەگریتەوە کە دادگاو دام و دەسگا رەسمیەکانی لی ئاگادارکراوەتەوە. هەرچەندە لە ئوردوگایەکی هەلواسراوی وەك کوردستاندا بیگومان ئەو ئامارانەش دەقیق نین وە زۆر لەوەش زیاترن. تەنانەت لەسەرەتاکانی دوای راپەرینەوە هەردووحیزبی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان وە پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیان لیستی ناوی ئەو ژنانەیان بلاوکردەوە کە دایاننابوو بیانکوژن، وە کۆمیتەی تایبەتیان بۆ ئەو ئەرکە دیاری کردبوو!!، ڕووناك بۆچی ئەمانە لەبیر دەباتەوە؟ بۆ بەرژەوەندی ژنان؟!! ئایا تا ئیستا چەند تاوانبار بە

**سزای یاسای گەیشتوە؟ وە چەند تاوانیان بە بەرتیل و سولحی عەشایەری نیوان دام و دەزگای ئاسایش و کویخاو سەرۆك عەشیرەکان کۆتای هاتوە؟**

**<u>سەبری ئەیوب تاکەی!</u>**

**"ماوەی دەویت تا ئەو داب ونەریتانە بگۆررین، لەوانەیە بەدوای نەوەیکدا ئەو تیروانینە کۆن و باوە لەناوبچیت".**

**بیگومان هەر جۆرە ئالوگۆریك تارادەی ئالوگۆرە پایەیەکان خەبات و لیبرانی بزووتنەوەو کەسایەتیە ئازادی خواز وە رادیکالە توندرەوەکان دەخوازیت. بەلام سنوردانان وەقەدەغەکردنی پیشیلکردنی ماف و ئازادیە فەردیەکان، دەست تیوەردانی ئایین لە ژیانی تاکەکاندا، لیدان، ئەتککردن وە کوشتن لەهەموو کاتو شوینیکدا بەبێ هیچ بەهانەیەك دەتوانری پیادەبکریت. سپاردنی ئەمە بە ئایندە: "هیشتا دەسالە دەسەلاتمان بەدەستە، پرۆسەیەکی دەوێ، با کوردستان رزگاری بیت، کیشەی گەورەترمان هەیە......" بەمانای باوەرنەبوون وە دان نەنانە بەم خواستانەدا، وە لەکۆتایدا نەکردنیەتی. لەبەرئەوەی لەژیر سایەی ئەو دەسەلاتەدایە ئەو پیشیلکاریانە ئەنجام دەدریت، ئەگەر بیەویت هەر ئەو دەسەلاتەش خۆی دەتوانی قەدەغەی بکات. کە لیرەشەوە پرۆسەی گەیشتن بەگۆرانکاریە پایەییەکانیش خیراتر دەبیتەوە.**

**ئەوەی ئەم قسانە دەکات ئەو کچو ژنانە نین کە ستەم و نابەرابەری هەموو ڕۆژێك جەستە و کەسایەتیيان ئەشکەنجە دەکات. کچۆڵانێك نین کە بە خاتری پیادە کردنی سادەترین ئارەزووی ئینسانیيان لە لایەن نزیکترین کەسیانەوە گۆشاو گۆش سەردەبڕرین. ڕووناك بە دەلیلی نزیکایەتی خۆی لە گرفتەکانی کۆمەلگا دەزانێ لافاوی فرمێسکی ژنان، یەك ڕۆژیش ناتوانی لەسەر هاتنەدی ئەم "خەونانە" بووەستێ. بە پێی کام پێوانو کام تیئوری دەبێ ژیانو ئازادیو کەسایەتی نیوەی ڕاستی کۆمەڵ بە ئایندەیەکی نادیار بسپێردرێو بکرێتە بارمتەی سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم و بەدەسەلاٌت گەیشتنی جووڵانەوەیەك، کە لانی کەم دە ساڵی ڕابردووی دەسەلاٌتی حیزبەکانی ڕۆشنتر لەهەر بەڵگەیەك، ماهیەتی دوواکەوتووانەو کۆنەپەرستانەو بێتوانایی ئەوی لەبەرامبەر کیشە کۆمەلایەتیەکاندا سەلماندووە.**

***سەبارەت بەو نەرمی نیشاندانەش لەگەڵ نەوەی کۆن کە لەوە دەچێ پرنسیپێکی جێگیری ڕووناك فەرەج بێت دەبێ بڵێم:***

**بە دریژای میژووی مرۆڤایەتی، ئەو بزووتنەوانەی کە وویستویانە گۆرانکاری، خۆشبەختی و ئاسودەی وە یەکسانی بەدەست بهینن. هەمیشە لەریزی پیشەوەی کۆمەلگادا وەستاون وە خواستەکانیان لەگەل خواستی دەسەلاتدارانداا تەریبی نەبوە. هیچ کات داب ونەریت و عەقلیەتی باوی کۆمەلگایان نەکردوەتە پیوانە بۆ سەرکەوتنەکانیان، وە سازشیان لەگەلدا نەکردوە. بەلکو بەپیچەوانەوە خواست و رادیکالیەت و پیشکەوتنی ئەوان بوەتە سەنگی مەحەك وە نمونە بۆ نەوەکان.**

**ئەوە نەوەی نوێو جووڵانەوە ڕادیکالو یەکسانیخوازەکانە کە پشتیوانی لە بۆچون و هەلسورانمان دەکەن. نەك ئەو بەشەی کۆمەلگا کەدەیەوێ بارووددۆخی دواکەوتوو، نایەکسانی و بێمافی لە جیگای خۆیدا بهیلیتەوەو بیکاتە هەویەت بۆ ئینسانەکان. تەنانەت خودی ئاڵوگۆڕ پێدان بە نەوەی کۆنو دواکەتووی کۆمەلیش بە سازشکردن ناکرێ، بەڵکو لە ڕێگای کارو خەباتی لێبڕاوانەو پێداگرتن لە سەر ماکسیمالیست بوونی خواستەکانمان قابیلی بەدیهێنانە.**

له مێژووی چەند سەد ساڵی ڕابوردودا ناسیۆنالیزم یەکێك بوە لەو بۆچون و ئایدیۆلۆجیاو بزووتنەوانە کە دەروازەی لەریی ئازادی تاك، یەکسانی ژن و پیاوو مافە جهانیەکانی مرۆڤدا داخستوە. بەها پیرۆزکراوەکانی ئەم جووڵانەوەیە ناکۆکە لەگەڵ سەرەتاکانی بە ڕەسمیەت ناسینی کەسایەتی سەربەخۆی ژنانو ئازادی‌یەکانی.

کەس گومانی لەسەر نیەتەکانی ڕوناك فەرەج نیە. ئەو لە چەند ساڵی ڕابردوودا یەکێك لە هەڵسوڕاوانی مەیدانی ژنان بووەو لە ڕاستای کار کردن لەم مەیدانەدا چالاك بووە. بەڵام وەك دەڵێن هەندێ جار ڕێگای دۆزەخیش بە نیەتی چاك "چەوڕێژ کراوە".

ڕوناك فەرەج وە ژنانیکی تری ئازادیخواز کە لەهەمان کاتدا سەربە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستین وە لە بازنەی داخراوی ئەم ناکۆکیانەدا لەنگەریان گرتوە، ناتوانن لەدوو فاقی رزگاریان بیت تاکو دەست لە پیرۆزڕاگرتنی کۆمەڵێك بەهاو پێوانەی نامۆ بە خەباتی یەکسانی خوازانەی ژنان هەڵنەگرن کە لە ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزمدا مۆری لیدراوە.

تاکو لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنێکی دروستی هەلو مەرجی کۆمەڵ، جێگاوشوێنی جووڵانەوە کۆمەلایەتی‌یەکان، ڕیشەی ژێردەستەیی‌و پلە دوویی ژنانو دەروازەکانی ڕزگاربوون، ڕاستی‌یەکان نەبینن، ناتوانن نەبنە پاساودەری مەینەتێك کە بەسەر نیوەی کۆمەڵگەدا دابڕاوە. وە سەرەڕای مەیلی ئازادیخوازانەی خۆیان سەرەنجام کارو هەڵسوڕانێك کە ئەنجامی دەدەن غەیری ڕووسپی کردنەوەی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان هیچی تری لێ ناکەوێتەوە.

ناوەڕاستی مارسی 2002

ستۆکهۆلم

0046-736571624